تازەلاوان

# چیرۆکەکانی ئەو ساڵانە

## عەلی ئەشرەف دەرویشیان

وەرگێڕ: شەریف فەلاح

www.ketab.ir

سازمان اسناد و کتابخانه ملی
جمهوری اسلامی ایران

سرشناسه: درویشیان، علی‌اشرف، ۱۳۲۰ -
عنوان قراردادی: قصه‌های آن سال‌ها: ابر سیاه هزار چشم: گل طلا و کلاش قرمز... .کردی
عنوان و نام پدیدآور: چیروکه کانی ئەو سالانە: تازەلاوان/ عەلی ئەشرەف دەرویشیان؛ وەرگیر شەریف فەلاح.
مشخصات نشر: کرج: مانگ، ۱۳۹۶.
مشخصات ظاهری: ۱۰۸ ص.
شابک: ۹۷۸-۶۰۰-۷۷۴۸-۹۴-۷
وضعیت فهرست‌نویسی: فیپا
یادداشت: کردی.
موضوع: داستان‌های کوتاه فارسی -- قرن ۱۴ -- ترجمه شده به کردی
موضوع: Short stories, Persian -- ۲۰th century -- Translations into Kurdish
شناسه افزوده: فلاح، شریف، ۱۳۵۴ -، مترجم
رده‌بندی کنگره: ۱۳۹۶ر۸۸ق۷/PIR۸۰۴۱/۶۰۲۸۷
رده‌بندی دیویی: ۸فا۶۲/۳
شماره کتابشناسی ملی: ۴۷۰۸۱۸۴

---

چاپەمەنی مانگ
www.mangpub.com
بەڕێوەبەری هونەری: ئیسماعیل ڕەزایی
بەڕێوەبەری چاپ و بڵاوکردنەوە: هادی کیا
فرۆشگای ناوەندی: بانە- ژمارەی پێوەندی: ۰۸۷۳٤۲٦۱۰۲۰

---

## چیرۆکەکانی ئەو ساڵانە

- نووسەر: عەلی‌ئەشرەف دەرویشیان
- وەرگێڕ لە فارسییەوە: شەریف فەلاح
- بابەت: تازەلاوان
- پێداچوونەوە: ئاران ئیسماعیل‌نژاد
- بڵاوکەرەوە: چاپەمەنی مانگ
- چاپی یەکەم: هاوینی ۱۳۹٦ (۲۰۱۷)
- ئەژمار: ۵۰۰ بەرگ
- ISBN: ۹۷۸-٦۰۰-۷۷٤۸-۹٤-۷

---

مافی لەچاپدانەوە و هەر جۆرە بڵاوکردنەوەیەکی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ چاپەمەنی مانگ.

---

**نرخ: ۱۱۰۰۰ تمەن - ٤۰۰۰ دینار**

www.ketab.ir

# ناوەرۆک


پێشەکی ........................... ٧

هەوری ڕەشی هەزار باو ..................... ٩

گوڵزەڕ و کاڵاش سوور............................ ٣١

ڕەنگینە.................................... ٥٥

ڕۆژنامە دیواریی قوتابخانەکەی ئێمە ................... ٧٩


www.ketab.ir

## پێشەکی

عەلی ئەشرەف دەروێشیان، ناوێکی دیار و ئاشنای مەیدانی ئەدەبیات و بەتایبەت ژانری چیرۆک و ڕۆمانی ئێرانییە، ئەم نووسەرە کوردە فارسی‌نووسەی خەڵکی کرماشان، هەرچەند زۆربەی بەرهەم و شاکارە ئەدەبییەکانی بە زمانی فارسی نووسیوە، بەڵام ناوەڕۆک و هەوێن و کاکڵەی سەرەکی بەشێکی زۆر لە بەرهەمەکانی کوردین و پاڵەوان و کەسایەتییە سەرەکییەکانی بە چوارچێوەی مەسەلە و پرسە سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستاندان. دەروێشیان نووسەرێکی بە بیر و باوەڕ و خاوەن هەڵوێست و دەرووەستە و بە جوانی شارەزای ئازار و ئێش و برکەکانی نەتەوایەتییەکەی لە سەردەمی ڕژێمی پاشایەتیدا بەهۆی هەڵوێست و بیر و باوەڕی سیاسییەوە، تووشی زیندان و ئەشکەنجە و چەرمەسەری زۆر بووە و بەم بۆنەشەوە، بەرهەمەکانی کەوتوونەتە ژێر تیغی سانسۆڕ. ئەندامی کانوونی نووسەرانی ئێرانە، قەڵەمێکی بە بڕشت و بوێری جەماوەرپەسەند، زمانێکی سادە و ساکار و بەدوور لە گرێ‌وگۆڵ، وەکوو کەسایەتی و کرداری خۆی، زوو لە دڵ دەنیشێ و کاریگەری و شوێنی بەسەر خوێنەرەوە دەمێنێ. سەرەڕای ڕۆمان و نۆڤلێت و کورتەچیرۆک و

www.ketab.ir

لێکۆڵینەوە لەبارەی ئەدەبی زارەکی و ئەفسانە و حیکایەتە کوردییەکان، قەڵەم و هزری پاراوی خستۆتە گەڕ بۆ خزمەت بە ئەدەبی منداڵان و چەندین چیرۆک و شاکاری بەنرخی لەم بوارەشدا خولقاندووە. ئەم وەرگێڕانەی کە ئێستا لە بەردەستتاندایە (چیرۆکەکانی ئەو ساڵانە) لەخۆگری چوار چیرۆکی مێرمنداڵانە کە هەندێکیان پێش و لە گەرمەی شۆڕشی گەلانی ئێران و ڕووداوەکانی پاش ئەودا نووسراون و شوێنی ڕووداوی چیرۆکەکان شاری دێرینی کرماشان و ئاڵوگۆڕەکانین، هەروەها خەم و ئازار و مەینەتییەکانی خەڵکی ئەو شارەیە. هەرچەند لەم چیرۆکانەدا خۆی بەئەنقەست هەوڵی داوە لە زمان و داڕشتنی منداڵان زۆر نزیک بێتەوە، بەڵام واتا و هەوێنێکی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییان هەیە و لە ڕەهەندی ئەدەبیی و هونەریدا بوونەتە شاکار و ئەگەر بە جوانی ڕۆبچینە ناوی بابەتەکان و لە هێما، ئیماژ و وێنە و شوبهاندنەکانی ورد ببینەوە، بەڕاستی ڕیالیزمێکی ژیاریی کۆمەڵگەی ئەوکاتی ئێران و کوردستانی ئێرانی بەتایبەتی وێنا کردووە.

دەروێشیان وەک خۆی دەڵێ بە دوور لە بیرۆکە، خەون و خەیاڵی دوور لە کەتوار (واقیع)ی کۆمەڵگە کە زۆرێک لە ئەدیبانی ئێرانی بە ناوی نوێخوازییەوە بەم چەشنە دەنووسن، ئەو بە زمانێکی خەڵکی و سادە باس لە دەرد و خەمی نان دەکات، بۆیە بەڕاستی بوونە نووسەرێکی ناودار و لە هەموو قۆناغەکاندا زمان و قەڵەم و شاکاری دەروێشیان ئاوێنەی باڵانوێنی ئەدەبیاتێکە کە هاواری بەرزی مرۆڤایەتی، ئامانجیەتی.

**وەرگێڕ**

**زستانی ١٣٩٥ی هەتاوی**

www.ketab.ir